Rebwar-Pdf

ئایادەزانی

جۆرەکانی شیرك بۆخوا چین؟

ئامادەکردنی

نەوزاد أحمد سعید

Scanned by CamScanner

بسم الله الرحمن الرحيم

ئایا دەزانی جۆرەکانی
شیرک و هاوبەش پەیدا کردن
بۆ خوا چین ؟

Scanned by CamScanner

ئایا دەزانی جۆرەکانی شیرک و هاوبەش پەیدا کردن بۆ خوا چین ؟

ئا:نـەوا محمد سعید

بڵاوکردنەوەی
نوسینگەی تەفسیر بۆ بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن
تایپ و نەخشەسالزیی :
کۆمپیوتەری هیوا
خەتی بەرگ :
نەوزاد کۆیی
نەخشەسازیی بەرگ :
جمعة صديق كاكه
نۆرە و ساڵی چاپ :
یە کە م ١٤٣٨ ك - ٢٠١٧
قەبارە : ١١،٥ * ١٦
تیـــــراژ:
٢٠٠٠ دانە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان - هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردنی (٢٧٩) ی ساڵی ٢٠١٧ی پێدراوە

هەمـوو مافێکی لە بەرگرتنەوە و بڵاوکردنەوەی پارێزراوە
Copyright ©Tafseer Publishing

نوسینگەی تەفسیر
بۆ بڵاوکردنەوەو راگەیاندن
هەولێر - شەقامی دادگا - ژێر هوتێلی شیرین پالاس
/TafseerOffice
+964 750 818 08 66
www.al-tafseer.com
tafseeroffice@yahoo.com

Scanned by CamScanner

ئایا دەزانی جۆرەکانی
شیرك و هاوبەش پەیدا کردن
بۆ خوا چین ؟

ئامادەکردنی
نەوا محمد سعید

Scanned by CamScanner

وتەیەکی پێویست :

تنها بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

سوپاس و ستایش بۆ خوای بێ هاوەڵ و بێ هاوبەش، سەڵات و سەلام بۆ سەر گیانی پاکی خۆشەویستمان محمد (صلی الله علیه وسلم).

دیارە پێشتر نامیلکەیەکم بەم ناوە: (ئایا جۆرەکانی شیرك چین؟) تەرجەمەی کوردی کرد ،کە دوو جار چاپکرا، دەقە عەرەبیەکەی لە بڵاوکراوەکانی (مکتبة الغرباء) بوو.

بەڵام ئەمجارە بە پێویست زانرا، بە هەمان ناونیشان نامیلکەیەك بڵاو بکرێتەوە، کە لەچەند سەرچاوەیەکەوە وەربگیرێ، تا بابەتەکە دەوڵەمەندتر بکات و لە مەترسی ئەم شیرکە، مسوڵمانان بسڵەمنەوە و خۆیانی لێ دوور بخەنەوە.

ئومێدم وایە ئەم نامیلکەیە، سودێکی زۆر ببەخشێ و

Scanned by CamScanner

گشت لایەك لێی بەهرەمەند بن.

لە خوای بەرزومەزن داواخوازم، من و ئێوەش لەم شیركە بە دوور بخات، كە زۆر بڵاوە، هەروا خەڵاتە گەورەكەمان پێ ببەخشێ، كەئەویش بەهەشتە!

(وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين).

نەوا محمد سعيد

٤صفری ١٤٣٩

٢٠١٧/١٠/٢٤

Scanned by CamScanner

هاوبەش پەیداکردن بۆ خوا (شیرك) چییە؟

شیرك و هاوبەش پەیداکردن بۆ خوا، ئەوەیــە، کــە یــەکێك پێغەمبەرێك، یان وەلییەك، یان پاشایەك و ســەرۆکێك، یــان گۆڕێك، یان جنۆکەیەك، یــان درەختێــك، یــان بــەردێك، یــان ئاژەڵێك، یان ئاگرێك، یان خۆر، یان مانگ، یان ئەستێرەیەك، یان شتێکی دیکە دەکاتە هاوبەشی خوا وەك خوا بەیەکســانی تەماشا دەکات و، وەك خۆشەویستنی خــوا، خۆشــی دەوێ و، وەك ترسانی خوا، لێی دەترسێ‌و بەبێ ڕەزامەندی خوا شــوێنی دەکەوێ‌و، لە هەمو شتەکان بەگوێی دەکات ، ئەگەرچــی ئــەو شتەش گوناهو تاوان بێ و سەرپێچی خواش بێت، هــــەروا لــە پەرستنی خوادا، ئەو کەسە، یان ئەو شتە دەکاتە هاوبەش، بە واتای: ئەویش دەپەرستێ.

خــوای بــەرز و مــەزن دەفــەرموێ: ﴿ وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَتَّخِذُ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَندَادًا يُحِبُّونَهُمْ كَحُبِّ ٱللَّهِ ﴾ (١٦٥)

Scanned by CamScanner

(البقرة: ١٦٥).

واتە: لەناو خەڵکی، کەسانێ هەنە، کە هاوبەش و هاوتا بۆ خوا دادەنێن، خۆشیان دەوێن، وەك چۆن خوایان خۆشدەوێ [١].

هەروەها شیرك و هاوبەشی پەیدا کردن بۆ خوا بریتییە لەوەی: بڕوات وابێ، کەخوا، لە خودی خۆیدا و لە سیفەتەکانیدا، کەسی دیکە هەیە هاوبەشیەتی و وەك ئەو وایە، یان لە پەرستنی و بەندایەتی بۆ ئەو، کەسی دیکە هاوبەشن و وەك خوا بپەرسترێن.

لەڕاستیدا، شیرك و هاوبەشپەرستی، پێچەوانە و دژی یەکخوایی خوایە [٢].

---

(١) معارج القبول بشمع سلم الوصول الى الاصول في التوحيد للامام حافظ بن احمد الحكمي، ج ١ ص٣١٠، دار ابن الجوزي، الطبعة الاولى ٢٠١١.

(٢) رسالة التوحيد- مكتبة الغرباء.

Scanned by CamScanner

هەر لە پێناسەی هاوبەش پەیدا کردن بۆ خوادا، لەمانا گشتییەکەیدا سێ جۆری هەیە:

یەکەم- هاوبەشی پەیداکردن لە پەروەردگاریێتیدا:

واتە: یەکێك، شتێك وەك خوا دابنێ و بەخوای یەکسان بکات، کە ئەو سیفتە، لە تایبەتمەندی خوای پەروەردگارە، یان شتێك لەو سیفەتە تایبەتمەندیەی خوای پێ بدرێ، وەك: دروستکردن و ڕزق و ڕۆزی دانو، هێنانە بون و مراندن و بەڕێوەبردنی ئەم بونەوەرە و هاوشێوەی ئەمە.

خوای مەزن دەفەرموێ: ﴿ هَلۡ مِنۡ خَٰلِقٍ غَيۡرُ ٱللَّهِ يَرۡزُقُكُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلۡأَرۡضِۚ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۖ فَأَنَّىٰ تُؤۡفَكُونَ ﴿٣﴾ ﴾ (فاطر:٣).

واتە: لەئاسمان و زەوی، جگە لە خوا، هیچ بەدیهێنەرێکی دیکە هەیە، کە ڕزق و ڕۆزیتان بدات؟ جگە لە خوا، هیچ

Scanned by CamScanner

هەر لە پێناسەی هاوبەش پەیدا کردن بۆ خوادا، لەمانا گشتییەکەیدا سێ جۆری هەیە:

یەکەم- هاوبەشی پەیداکردن لە پەروەردگارێتیدا:

واتە: یەکێك، شتێك وەك خوا دابنێ و بەخوای یەکسان بکات، کە ئەو سیفتە، لە تایبەتمەندی خوای پەروەردگارە، یان شتێك لەو سیفەتە تایبەتمەندیەی خوای پێ بدرێ، وەك: دروستکردن و ڕزق و ڕۆزی دانو، هێنانە بون و مراندن و بەڕێوەبردنی ئەم بونەوەرە و هاوشێوەی ئەمە.

خوای مەزن دەفەرموێ: ﴿ هَلْ مِنْ خَٰلِقٍ غَيْرُ ٱللَّهِ يَرْزُقُكُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلْأَرْضِ ۚ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ۖ فَأَنَّىٰ تُؤْفَكُونَ ﴿٣﴾ ﴾ (فاطر:٣).

واتە: لەئاسمان و زەوی، جگە لە خوا، هیچ بەدیهێنەرێکی دیکە هەیە، کە ڕزق و ڕۆزیتان بدات؟ جگە لە خوا، هیچ

Scanned by CamScanner

کەسێکی دیکە شایستەی پەرستن نیە، کەواتە چۆن لە یەکخواپەرستی لادەدرێن؟

دووەم- هاوبەش پەیداکردن لەناوەکان و سیفەتەکانی خوادا:

بە واتای: یەکێك، شتێك لەو ناو وسیفەتانەی خوا، بدرێ بەو کەس و شتە و هاوبەش بکرێ و، ئەو ناو و سیفەتانە بدرێ بەو کەسە و ئەو ناو و سیفەتانە بۆ خۆی دابنێ.

سێیەم- هاوبەش پەیداکردن لە پەرستراوێتی خوادا:

بە واتای: یەکێك لەگەڵ خوا یەکسان بکرێ لە تایبەتمەندیەکانی پەرستراوێتی خوا، وەك: نوێژ بۆکردنی ؛ ڕۆژو بۆ گرتنی و نزا و پاڕانەوە و هاوارلێکردنی ؛

قوربانیکردن و نەزر بۆ کردنی و هاوشێوەی ئەمانە.

مانای تایبەتی هاوبەش پەیداکردن بۆ خواش ئەوەیە: یەکێك، شتێك، بکەیتە هاوبەش و هاوتای خوا، چۆن لە خوا دەپاڕێیتەوە، لەویش ئاوا بپاڕێیتەوە و هاواری لێبکەی، چۆن داوا لە خوا دەکەی، ئاوا داوا لەو کەس و شتە بکەی، چۆن نومێدت بە خوا هەیە، ئاوا ئومێدت بەو هەبێ، چۆن خوات خۆشدەوێ، ئاوا ئەو کەس و شتەت خۆش بوێ، ئا ئەمەیە مانای شیرك و هاوبەش پەیداکردن بۆ خوا [1].

---

(١) اصول الايمان في ضوء الكتاب والسنة، اعداد نخبةمن العلماء، اشراف الشيخ الدكتور صالح بن عبدالعزيز آل الشيخ، ص٤٦، مجمع الملك فهد لطباعة المصحف الشريف ١٤٢١.

Scanned by CamScanner

کەی هاوبەش پەیداکردن بۆ خوا پەیدا بوو؟

لە بنەڕەتدا شیرك و هاوبەش پەیدا کردن بۆ خوا، لە گەلی (نوح) پەیدا بو، کاتێ لەناو ئەو گەلەدا، چەند پیاوێکی سالح و چاك هەبون و مردن، شەیتان خستیە دڵی گەلەکەیانەوە، کە پەیکەریان بۆ دروست بکەن و بەناوی ئەو پیاوچاکانەوە ناویان بنێن، کە بریتی بون لە: (وەد ، سواع، یەغوس، یەعوق، نەسر)[1].

خوای مەزن دەفەرموێ: ﴿وَقَالُوا لَا تَذَرُنَّ آلِهَتَكُمْ وَلَا تَذَرُنَّ وَدًّا وَلَا سُوَاعًا وَلَا يَغُوثَ وَيَعُوقَ وَنَسْرًا ﴿٢٣﴾ وَقَدْ أَضَلُّوا كَثِيرًا وَلَا تَزِدِ الظَّالِمِينَ إِلَّا ضَلَالًا ﴿٢٤﴾﴾(نوح).

واتە: سەرانی گومڕایی فێڵیان لە شوێنکەوتوە بێدەسەڵاتەکانیان کرد و گوتیان: بۆ پەرستنی خوای تاقانە،

---

(١) اصول الایمان فی ضوء الکتاب و السنة .

Scanned by CamScanner

که (نوح) بانگەوازی بۆ دەکات، ئێوە واز لە پەرستراوەکانتان مەهێنن و، وازلە: (وەد و سواع و یەغوس و یەعوق و نەسر) مەهێنن، کە ئەمانە ناوی ئەو بتانەیە، کە لە جیاتی خوا دەیانپەرستن، ئەوانە ناوی چەند پیاوێکی چاك بون، کە مردن شەیتان بە گەلەکەیانی ڕاگەیاند، کە پەیکەریان بۆ بکەن و وێنەیان بکێشن، بۆ ئەوەی وەك خۆیان پێیان وابو: بە تەماشاکردنیان، لەسەر تاعەتکردن، چست و چالاك دەبن، جا کە ئەم گەلە ڕۆیشتن و ماوەیەکی درێژی پێچو، خەڵکی دیکە جێگەیان گرتنەوە، شەیتان خوتخوتە و وەسوەسەی بۆ دروستکردن، کە گوایە: پێشینانیان پەیکەر و وێنەیان دەپەرست و پێی دەپاڕانەوە!

ئەمەش لە حیکمەتی حەڕام کردنی پەیکەر و، حەرامکردنی گومبەت دروستکردنە لەسەر گۆڕ و قەبر، چونکە بەدرێژایی ڕۆژگار دەبێتە پەرستگا بۆ نەفام و نەزانان.

جا ئەم گومڕاکەرانەی خەڵك دوایان کەوتبون، زۆر لە

Scanned by CamScanner

خەڵکیان گومڕا و سەرلێشێواو کرد، بەهۆ ئەوەی ڕێگاکانی گومڕاییان بۆ جوان کردون.

ئینجا نوح (سەلامی لێ بێ) فەرموی: ئەی پەروەردگارمان! ئەم زاڵمەی، کە بە کوفر و عینادی و کەللەڕەقیەوە ستەمیان لە خۆیان کردوە، دوربون لە حەقیان بۆ زیاد بکەی)[1].

جا وەك بۆمان دەرکەوت: هۆکاری هاوبەش دانان بۆ خوا، بریتییە لە: پیرۆزگرتن و بە گەورەدانانی گۆڕی پیاوچاك وپەیکەر بۆ دروستکردنیان و وێنەکێشانیان و، تەنانەت گەیشتنە ڕادەی پەرستنیان و چەمانەوەبۆیان و سوڕانەوە بە دەوریاندا، کە ئەمە شیرکە، بۆ ڕاستی ئەمەش، بەندە بە چاوی خۆم بینیم یەکێك لە بەرپرسەکان لە بەرانبەر وێنەیەکی

---

(١) التفسير الميسر- نخبة من العلماء- الطبعة الثالثة- مزيدة ومنقحة ١٤٣٢-٢٠١١ مجمع الملك فهد لطباعة الصحف الشريف، ص٥٧١.

تەبارە گــەورەدا، وەك بـــە پیرۆزگــرتن و ڕێــز نوانــدن، بـۆی چەمایەوە و هاتە ڕوکعە بردن، کەکڕنوش و ڕوکعە بـۆ بـردن، تەنها تایبەتمەندی خوایە و هەر دەبێ بۆ خوا ڕوکعە ببردرێ.

جا بۆ ئەوەی خەڵك لەو گوناهە هەرە گەورەیە ئاگادار بن و وریا بن، کە خوا لەو گوناهە خۆش نابێ، وەك دەفەرموێ:

﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغۡفِرُ أَن يُشۡرَكَ بِهِۦ وَيَغۡفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُۚ وَمَن يُشۡرِكۡ بِٱللَّهِ فَقَدِ ٱفۡتَرَىٰٓ إِثۡمًا عَظِيمًا ٤٨﴾ (النساء: ٤٨).

واتە: خوا لەو کەسە خۆش نابێ، کە هاوبەشـی بـۆ پەیـدا دەکات، بەڵام لەو کەسە خۆش دەبێ، جگە لە شـیرکی ئـەنجام داوە و خوا دەیەوێت لێی خۆش بێ، هەرکەسەێك هاوبەش بـۆ خوا پەیدا بکات، ئەوا درۆ و گوناهێکی گەورەی کردوە.

هەروەها دەفەرموێ: ﴿مَن يُشۡرِكۡ بِٱللَّهِ فَقَدۡ حَرَّمَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِ

Scanned by CamScanner

ٱلْجَنَّةَ وَمَأْوَىٰهُ ٱلنَّارُ وَمَا لِلظَّٰلِمِينَ مِنْ أَنصَارٍ ﴿٧٢﴾

(المائده: ٧٢).

واته: هەر کەسێك هاوبەش بۆ خوا پەیدا بکات، ئەوا خوا بەهەشتی لێ قەدەغە دەکات و شوێنی ئاگرە، ستەمکارانیش هیچ جۆرە یارمەتیدەرێکیان بۆ نییەو ڕزگار نابن.

ئەوا لە جۆرەکانی هاوبەش پەیدا کردن بۆ خوا، شارەزاین دەکەین و زانیاریان پێدەدەین.

* * * * * * *

Scanned by CamScanner

جۆرەکانی هاوبەش پەیدا کردن بۆ خوا:

دیارە هاوبەش پەیدا کردن و شیرك بۆ خوا، لـە سێ جـۆر پێکهاتوە:

١- هاوبەش پەیداکردن (شیرک)ی گەورە.

٢- هاوبەش پەیداکردن (شیرک)ی کچکە.

٣- هاوبەشی پەیداکردنی شاراوە.

١- هاوبەش پەیداکردن (شیرک)ی گەورە:

ئەم شیرك و هاوبەش پەیداکردنە ئەوەیە، کە یەکێك لەگەڵ خوا بپەرستی و بیکەیە هاوبەش، وەك چۆن بۆ خوا گوێڕایـەڵی دەکـەیت و بـە قسـەی دەکـەیت و فەرمانبـەریی دەکـەیت و هەموو فەرمانێکی جێبەجێ دەکەیت، بە هـەمان شـێوە ئـەو کەسە بپەرستی و بە قسەی بکەیت و گوێڕایـەڵی بکـەیت لـە

Scanned by CamScanner

هـەمو شـتێك و فـەرمانی ئـەو جێبـەجێ بکەیت،لەخراپـەو حەرامدا.

جا ئەو کەسەی ئەم جۆرە هاوبەشە ئەنجام بـدات، ئـەوا لـە دینی ئیسلام دەردەچێت و کردەوەکانی پوچەڵ دەبنـەوە، گـەر بەو شـێوەیە بمـرێ، ئـەوا لـە ئـاگری دۆزەخ بـە هەمیشـەیی دەمێنێتەوە، لەناویدا نامرێ و عەزابیشی لەسەر سوك نـاکرێ !

خوای مەزن دەفەرموێ:﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِنْ أَهْلِ ٱلْكِتَٰبِ وَٱلْمُشْرِكِينَ فِي نَارِ جَهَنَّمَ خَٰلِدِينَ فِيهَآ أُوْلَٰٓئِكَ هُمْ شَرُّ ٱلْبَرِيَّةِ ٦ ﴾ (البينة: ٦).

واتە: ئەو کەسانەی بێ بـڕوا و کـافرن، لـە وانـەی خـاوەن کتێبن،ئەوانەی هاوبەش بۆ خوا پەیدا دەکەن، لە ئـاگری دۆزەخ دەبن، بۆ هەتایی و هەمیشـەیی، بەڕاسـتی ئەوانـە خـراپترین

Scanned by CamScanner

خەلکن[1].

شیرك و هاوبەش پەیداکردنی گەورە لە چوار بەش پێکهاتووە:

١- هاوبەش پەیداکردن بۆ خوا لە دوعا و نزا و پاڕانەوەدا:

دوعاونزاو پاڕانەوە، لەگەورەترین جۆرەکانی پەرستن و عیبادەتە، تەنانەت ناوك و ناوەڕۆکی عیبادەتە، هەروەك پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) فەرمویەتی: (الدعاء هو العبادة). رواه احمد والترمذي عن النعمان بن بشیر[2].

واتە: دوعا و نزا، ئەوە پەرستن و عیبادەتە، خوای گەورە

(١) رسالة التوحيد- مكتبة الغرباء، اصول الايمان في ضوء الكتاب والسنة، نخبة من العلماء، قواعد في التكفير- عبدالمنعم مصطفى حليمة.

(٢) حديث حسن صحيح.

Scanned by CamScanner

دەفەرموێ: ﴿وَقَالَ رَبُّكُمُ ادْعُونِي أَسْتَجِبْ لَكُمْ ﴿٦٠﴾﴾ (غافر: ٦٠).

واتە: پەروەردگرتان فەرمویەتی: لێم بپاڕێنەوە و نزاتان بۆ لای من بێنن، من وەڵامتان دەدەمەوە).

لەمەوە بۆمان سەلماوە و چەسپاوە، کە نزا و پاڕانەوە، عیبادەتە ، گەر لە غەیری خوا بپاڕێیتەوە و نزا و دوعا بۆ ئەو بێنی، ئەوا هاوبەشت بۆ خوا پەیدا کردوە، جا هەرکەسێ، لە پێغەمبەرێك بپاڕێتەوە و نزا بکات، یان لە سەرۆك و پاشایەك بپاڕێتەوە و نزا بکات، یان لە وەلییەك بپاڕێتەوە، یان لە گۆڕێك بپاڕێتەوە، جا ئەو گۆڕە هی هەر کەسێك بێت، تەنانەت هی پێغەمبەرانیش بێت، یان لە بەردێك بپاڕێتەوە، یان هەر کەسێکی دیکە بپاڕێتەوە و نزا بکات، ئەوا ئەو کەسە موشریك و هاوبەشپەرستە و هاوبەشی بۆ خوا پەیدا کردوە و بێ بڕوایە، هەروەك خوای بەرز و مەزن دەفەرموێ:

Scanned by CamScanner

﴿ وَمَن يَدْعُ مَعَ ٱللَّهِ إِلَـٰهًا ءَاخَرَ لَا بُرْهَـٰنَ لَهُۥ بِهِۦ فَإِنَّمَا حِسَابُهُۥ عِندَ رَبِّهِۦٓ ۚ إِنَّهُۥ لَا يُفْلِحُ ٱلْكَـٰفِرُونَ ﴿١١٧﴾ ﴾ (المؤمنون: ١١٧).

واتە: (هەر کەسێك لەگەڵ خوادا، پەرستراوێکی تر بپەرستێ، ئەوا ئەو کەسە هیچ بەڵگەیەکی نیە لەسەر شایستەیی پەرستنی ئەو پەرستراوە، بە ڕاستی سزای ئەو کەسە، لەسەر کردەوە خراپەکەی لە قیامەت دا، لەلای پەروەردگاری دایە، لە ڕۆژی قیامەت کافر و بێ بڕوایان سەرکەوتو و ڕزگار نابن)[1].

هەروەها بەڵگەی ئەوەی، کە دوعا و نزا و پاڕانەوە عیبادەتە و، پاڕانەوە لە غەیری خوا، شیرك و هاوبەش بەیداکردنە بۆ خوا، خوا دەفەرموێ: ﴿ فَإِذَا رَكِبُوا۟ فِى ٱلْفُلْكِ دَعَوُا۟ ٱللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ فَلَمَّا نَجَّىٰهُمْ إِلَى ٱلْبَرِّ إِذَا

---

(١) التفسير الميسر- نخبة من العلماء، الطبعة الثالثة ١٤٣٢.

Scanned by CamScanner

هُمۡ يُشۡرِكُونَ ﴿٦٥﴾﴾(العنكبوت: ٦٥).

ئەم ئایەتە ڕایدەگەیەنێ، کە ئەم هاوبەشپەرستانە، لە کاتی خۆشی و هێمنیدا، هاوبەش بۆ خوا پەیدا دەکەن، بەڵام لە کاتی ناخۆشی و سەختی و دژواریاندا، تەنها لەو دەپاڕێنەوە، ئەدی دەربارەی ئەوانە چی، کە لە کاتی خۆشی و ناخۆشیدا هەر هاوبەشی بۆ خوا پەیدا دەکەن[1].

هەروەها داواکردن و پاڕانەوە، لە پێغەمبەران و پیاوچاکان، بۆ ئەوەی ڕزق و ڕۆزییان بدات، یان منداڵیان پێ ببەخشێ، بەتایبەتی کوڕ، یان مەقسودیان حاسڵ بکات، ئەمە لەجۆری شیرکی دوعا و پاڕانەوەیە و، ئەو کەسە شیرکی گەورەی کردوە[2]!

خوای گەورە قەدەغەی لە پاڕانەوە و نزا لە غەیری خوای

---

(١) اصول الايمان في ضوء الكتاب والسنة.

(٢) سلسلة رسالة التوحيد- مكتبة الغرباء.

Scanned by CamScanner

کردوه، بۆیــه دەفــەرموێ: ﴿ وَلَا تَدْعُ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَنفَعُكَ وَلَا يَضُرُّكَ فَإِن فَعَلْتَ فَإِنَّكَ إِذًا مِّنَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿١٠٦﴾ ﴾(یونس: ١٠٦).

واتە: ئەی پێغەمبەر! جگە لە خوا بانگی هیچ شتێ مەکـە لە بتەکان و لێی مەپاڕێوە، چونکە ئەو بتانەو هاوبەشانە، نـە سود دەبەخشـن، نـەزیان دەگەیـەنن، جـا گـەر ئەمـەت کـرد ولەجیاتی خوا، بانگی ئەوهاوبەشانەت کرد و لێیان پاڕایـەوە، ئەوا تۆ لەو کەسانەی هاوبەشت بۆ خوا پەیدا کـردوە، کـە بـە هاوبەش پەیـداکردن و سەرپێچـیکردن، سـتەمیان لـە خۆیـان کردوە.

ئەمە هەرچـەندە خیتابـە بـۆ پێغەمبـەر (صـلی الله علیـە وسلم)، بەڵام ئاڕاستەیە بۆ گشت ئوممەتی مسوڵمانان(١).

(هەروەها نابێ هانا و هاوار بۆ هیچ کەسـێك ببـات بڵـی:

---

(١) التفسير الميسر- نخبة من العلماء، ص٢٢٠.

(یا محمد، یا علی، یان یاغەس، یا عبدالقادری گەیلانی)، چونکە هانا بردن بۆیان و داوای یارمەتی لێیان، شیرکی گەورەیە و کەسەکە لەدین دەردەچوێنێ)[1].

٢- هاوبەش پەیداکردن بۆ خوا لە نیەت و ویست و مەبەستدا:

ئەم جۆرە شیرکە ئەوەیە، کە یەکێك کار و کردەوەیەك بکات، مەبەستی پێ دنیا بێت، یان ڕوپامایی و ڕیا بێت، یان ناو و شۆرەت و بۆ ناوبانگی دەیکات، ویست و ئیرادەی ئەو کەسە، وەك کەسێکی دووڕوو و مونافیقێکی پوختە، کەمەبەستی خوا وقیامەت نەبوە، بۆیە ئەو کەسەی کار و کردەوەیەك بکات، مەبەستی پێ خوا نەبێت، ئەوا شیرکی گەورەی ئەنجام داوە[2].

---

(١) فتاوي العقيدة- محمد بن صالح العثيمين ص١٢٩.

(٢) اصول الايمان في ضوء الكتاب والسنة- نخبة من العلماء ، ص٤٨.

Scanned by CamScanner

خوای بەرز و مەزن دەفەرموێ: ﴿مَن كَانَ يُرِيدُ ٱلْحَيَوٰةَ ٱلدُّنْيَا وَزِينَتَهَا نُوَفِّ إِلَيْهِمْ أَعْمَٰلَهُمْ فِيهَا وَهُمْ فِيهَا لَا يُبْخَسُونَ ﴿١٥﴾ أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ لَيْسَ لَهُمْ فِى ٱلْءَاخِرَةِ إِلَّا ٱلنَّارُ ۖ وَحَبِطَ مَا صَنَعُوا۟ فِيهَا وَبَٰطِلٌ مَّا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿١٦﴾﴾ (هود: ١٥-١٦).

واتە: هەرکەسێ ژیانی دنیا و خۆشییەکانی بەهۆی کردەوەیەکەوە بوێ، ئەوا پاداشتی کردەوەکانیان لە دنیا بە کاملی و تێر و تەواوی دەدەینێ، بەبێ کەمکردنەوە، بەڵام ئەوانە لە قیامەت، تەنها ئاگری دۆزەخیان بۆ هەیە، کە گەرمییەکەی دەچێژن و، سودی ئەوەی کردویانە بە با دەڕوا و، کردەوەکانیان پوچ دەبێ، لەبەر ئەوەی بۆ خوا نەبوە.

جا ئەم جۆرە هاوبەش پەیداکردنە زۆر وردە و زۆر مەترسیدارە.

Scanned by CamScanner

٣- هاوبەش پە یداکردن بۆ خوا لە گوێڕایەڵی و بەقسەکردن و بەرفەرمانیدا.

ئەم شیرکە ئەوەیە، کە بە قسەی یەکێك بکرێ لـە حـەڵاڵ کردنی کارێك، کە خوا حەرامی کردوە، یان بە قسەی یـەکێك بکرێ لە حەرام کردنی کارێك، کە خوا حـەلاڵی کـردوە و، بـە دڵیش بڕوای وابێ، کە بۆیان هەیە شـت حـەلاڵ بکـەن و شـت حەرام بکەن و، بۆی هەیە لەم حەلاڵ کردن و حـەرام کردنـەدا، خەڵك بە قسـەی بکـەن، لەگـەڵ ئەوەشـدا بزانـێ، کـە ئەمـە پێچەوانەی دینی ئیسلامە، ئەوا ئەو جۆرە کەسانەیان کردۆتـە پەروەردگار لە جیاتی خواو، شیرکی گـەورەی بـۆ خـوا ئـەنجام داوە.

خـــوای گـــەورە دەفـــەرموێ: ﴿ ٱتَّخَذُوٓاْ أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَـٰنَهُمْ أَرْبَابًا مِّن دُونِ ٱللَّهِ وَٱلْمَسِيحَ ٱبْنَ مَرْيَمَ وَمَآ أُمِرُوٓاْ إِلَّا لِيَعْبُدُوٓاْ إِلَـٰهًا وَٰحِدًا ۖ لَّآ إِلَـٰهَ إِلَّا هُوَ

Scanned by CamScanner

﴿سُبْحَٰنَهُۥ عَمَّا يُشْرِكُونَ ﴿٣١﴾﴾ (التوبة: ٣١).

واتـــە: جولەکـــە و دیانـــەکان، زاناکـــانی خۆیـــان و خواپەرستەکانیان کردوە بـەخوا و پـەروەردگاری خۆیـان، کـە یاسا و ئەحکامیان بۆ دادەنان، ئەوانیش پابەندی ئەو یاسایانە دەبون و وازیان لە یاسـاکانی خـوا دەهێنـاو، عیسـای کـوڕی مەریەمیان کردە پەرستراوی خۆیان و پەرستیان، لـە کاتێکـدا خوا فەرمانی بە هەموان کـردوە، کـە تـەنها ئـەو بپەرسـتن و کەسی دیکە نەپەرستن و، هەر ئەو پەرستراوی حەقـە و، هـیچ پەرستراوێك، جگە لە خوا شایسـتەی پەرسـتن نییـە، پـاکی و بێگەردی بۆ خوا لەوەی، کە موشریکە گومڕاکەرەکان، درۆ بۆ خوا هەڵدەبەستن.

لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا، کە هیچ ئیشکالی تێدا نیە، کـە بریتییـە لـە: ئیتاعـەو بەقسـەکردنی زانایـان و خـەڵك لـە سەرپێچیکردنی خوادا (بە واتای گۆڕینی حوکم و بڕیاری خوا)

Scanned by CamScanner

هەروەك كە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بۆ (عەدى كوڕى حاتەم)ى لێكدايەوە، كاتێ بە پێغەمبەرى گوت: ئێمە ئەو زانايانەمان نەدەپەرست، پێغەمبەريش فەرموى: (أليس يحرمُونَ ما أحِل الله فتَحرمونهُ ويحلونَ ما حرّم الله فتحلونهُ)، قال: بلى، قال: (فتلكَ عبادتهمْ) .رواه الترمذي وحسنه الطبراني في المعجم الكبير.

واتە: ئەدى ئەو زانايانە ئەو شتانەيان حەڕام نەدەكرد، كە خوا حەلاڵی كردبو، ئێوە بەحەڕامتان دادەناو، ئەوەی خوا حەڕامی كردبو، ئەوان بە حەلاڵيان دادەنا و ئێوەش بە حەلاڵتان دەزانی؟

عەدی گوتی: بەڵێ، وايە،

پێغەمبەر فەرموی: دەی ئەمە پەرستنيانە[1]!

كەواتە،دەركەوت: پەرستن، تەنها بريتيی نيە لە: نوێژ،

---

(١) اصول الايمان في ضوء الكتاب والسنة- نخبة من العلماء.

Scanned by CamScanner

ڕۆژو گرتن و زەکـات دان و حـەج کـردن، بـەڵکو بـەپێی ئـەم فەرمودە ڕاستە، پەرستن ئەوەیە: گوێڕایەڵی کەسێك بکـەیت و بەقسەی بکەیت، کە یاسـای حـەڵاڵی خـوا حـەڕام بکـات و، یاسای حەڕامی خوا حەڵاڵ بکات. بـە واتـای، گـەر یاسـایەك دانـرا، کـە پێچـەوانەی یاسـای خـوا بـو، یاسـایەك دانـرا، خواحەڕامی کردبو، بە حەڵاڵ دانرا، ئەوە بە پەرستن دادەندرێ! یاسادانانیش، تەنها مافی خوایە، وەك خوا دەفـەرموێ: ﴿إِنِ ٱلْحُكْمُ إِلَّا لِلَّهِ ٤٠﴾ (یوسف: ٤٠).

واتە: حوکم و یاسا و بڕیار دان، تەنها بۆ خوایە.

٤- هاوبەش پەیداکردن بۆ خوا لە خۆشەویستن دا:

ئەم جـۆرە هاوبـەش پەیداکردنـە، بریتییـە لـە: دەربـڕینی خۆشەویستییەکی وا، کە خـۆی وەك بەندەیـەك پیشـان دەدات بەرانبەر ئەو کەسە و، بە گەورەی دەزانێ و زەبون و ملکەچـی دەبێ، کە ئەمەش تەنها مافی خوایە ئەمەی بۆ بنوێندرێ، ئەم

Scanned by CamScanner

جۆرە خۆشەویستنە بەندایەتی نواندنە، دەبێ تەنها بۆ خوا دەربڕدرێ، جا هەرکاتێ کەسێك ئەو جۆرە خۆشەویستییەی وەك خۆشەویستی خوا بۆ غەیری خوا دەربڕێ، ئەوا هاوبەشی گەورەی بۆ خوا پەیدا کردوە، بەڵگەش فەرمودەی خوایە، کە دەفەرموێ: ﴿ وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَتَّخِذُ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَندَادًا يُحِبُّونَهُمْ كَحُبِّ ٱللَّهِ ۖ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ أَشَدُّ حُبًّا لِّلَّهِ ﴾ (البقرە:١٦٥).

واتە: کۆمەڵە خەڵکێك هەن، چەند بتێك لە جیاتی خوا دەپەرستن و دەیکەنە هاوشانی خوا، هێندیان خۆشدەوێن و بە گەورەیان دەزانن، کە بە گوێیان دەکەن و بە قسەیان دەکەن، کە ئەمە تەنها شایستەی خوای تاك و تەنهایە، بەڵام بڕواداران زۆرتر خوایان خۆش دەوێ، وەك لە خۆشویستنی ئەم کافرانە بۆ پەرستراوەکانیان، چونکە بڕواداران، هەمو خۆشەویستیان هەر بۆ خوایە.

کەواتە: خۆشویستنی ڕادەبەدەر، تەنها بۆ خوایە، نابێ بۆ

Scanned by CamScanner

هیچ کەسێك و لەهەر پلەو پایەك بێت، دەربـبڕدرێ، چونکە ئەو کاتە ئەوجۆرە خۆشویستنە سەردەکێشێ بۆ پەرستنی ئەو کەسە !

٥- هاوبەش پەیدا کردن بۆخوا لە بەڕێوەبردنی بونەوەردا:

ئەم شیرکە، بریتییە لەوەی، کە باوەڕت وابێ و قەناعـەتت بەوە بـێ، کـە پێغەمبـەران و پیاوچـاکان، دەسـتیان هەیـە و تواناو دەسەلاٌتیان هــەیە لەبەڕێوەبردن و ڕاپەڕاندنی کاروباری بونەوەردا.

ئەمەش نابێ و قەدەغەیە، چونکە بەڕێوەبردن وڕاپەڕاندن و هەڵسوڕاندنی بونەوەر، تەنها مافی خوایـە و، تـەنها بەدەسـت خوایە، هیچ کەس بەشدار نییە لەم بەڕێوەبردنـە و، نابـێ ئـەم مافەی بدرێتە پاڵ، خوای بەرز و مەزنیش دەفەرموێ: ﴿وَمَن يُدَبِّرُ ٱلۡأَمۡرَۚ فَسَيَقُولُونَ ٱللَّهُۚ فَقُلۡ أَفَلَا تَتَّقُونَ ٣١﴾ (یونس: ٣١).

Scanned by CamScanner

واتە: ئەوە کێیە کاروباری ئاسمان و زەوی و ئەوەی لە نێوان هەردووکیاندایە بەڕێوە دەبات؟

ئەوانیش لە وەڵامدا دەڵێن: خوای بەرز و مەزن[1].

کەواتە، دەرکەوت: هیچ پێغەمبەرێك و هیچ پیاوچاك و شێخ و سەیدێك، ناتوانێ هیچ شتێ لەم بونەوەرە بکات و ناتوانێ لەم بونەوەرە زیان و زەرەر لابدات و خۆشی و ناخۆشی بێنێ و، ناتوانن کوڕ ببەخشن و منداڵ ببەخشن..هتد.

٦- هاوبەش پەیداکردن بۆ خوا لەترس (خوف)دا:

ئەم هاوبەش پەیداکردنە بۆ خوا ئەوەیە، کە چۆن لە خوا دەترسی، بەهەمان شێوە لە خەڵك بترسی.

بۆ نمونە: ترست هەبێ لەوەی، کە هەندێ مردو زیان و زەرەر بە زیندوان بگەیەنێ، یان ترسێکی کردەوەت هەبێ کەوات لێ بکات، لە ترسا واز لە واجبێکی دینی بهێنی!

---

(١) سلسلة رسالة التوحيد- مكتبة الغرباء.

Scanned by CamScanner

بۆ نموونە: لە ترسا نوێژ نەکەیت، یان ئافرەت خۆی بالآپۆش نەکات.

بەلآم ترسی سروشتی، کە لە سروشت دا لە مرۆڤدا هەیە، وەك ترسان لە: گیانلەبەری درِندە و، ترسان لەزالّم و ستەمکار و شتی تر، ئەوەیان دروستە و جائیزە.

سەبارەت بەم ترسە سروشتییە، خوای بەرز و مەزن دەفەرموێ: ﴿ فَخَرَجَ مِنْهَا خَآئِفًا يَتَرَقَّبُ قَالَ رَبِّ نَجِّنِى مِنَ ٱلْقَوْمِ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٢١﴾ ﴾ (القصص:٢١).

واتە: (موسا) لەشاری فیرعەون بەترسەوە دەرچو، چاوەڕوانی ئەوەی دەکرد بێن بیگرن[١].

هەر سەبارەت بە ترسی سروشتی، کە بە شیرك دانانرێت، چەند ئایەتێك لەم بارەوە دێنین:

---

[١] سلسلة رسالة التوحيد- مكتبة الغرباء.

Scanned by CamScanner

١- ﴿ قَالَا رَبَّنَآ إِنَّنَا نَخَافُ أَن يَفْرُطَ عَلَيْنَآ أَوْ أَن يَطْغَىٰ ﴿٤٥﴾ قَالَ لَا تَخَافَآ إِنَّنِى مَعَكُمَآ أَسْمَعُ وَأَرَىٰ ﴿٤٦﴾ ﴾ (طـه: ٤٥-٤٦).

واتە: (موسا) و (هارون) گوتیان: ئەی پەروەردگارمان! ئێمە دەترسین خێرا سزامان بدات، یان لە حەق و ڕاستی، یاخی بێ و وەری نەگرێ، خوای بەرز و مەزن بە(موسا و هارون)ی فەرموو: ئێوە لە فیرعەون مەترسن، من لەگەڵ ئێوەدام، دەبیستم و کردەوەکانتان دەبینم.

٢- ﴿ إِذْ دَخَلُواْ عَلَىٰ دَاوُۥدَ فَفَزِعَ مِنْهُمْ ۖ قَالُواْ لَا تَخَفْ ۖ ﴿٢٢﴾ ﴾(ص: ٢٢).

واتە: ئەو دوو کەسەی کێشەیان هەبو، بە نهێنییەوە بەسەر شوورە و دیوار کەوتن، چوونە لای (داود) لە شوێنی خوا پەرستییەکەیدا، ئەوە بوو (داود)یش لێیان ترسا، ئەوانیش پێیان گوت: مەترسە.

Scanned by CamScanner

٣- ﴿ فَأَوْجَسَ مِنْهُمْ خِيفَةً قَالُوا لَا تَخَفْ وَبَشَّرُوهُ بِغُلَامٍ عَلِيمٍ ﴿٢٨﴾ ﴾ (الذاريات: ٢٨).

واته: کاتێ ئیبراهیم بە فریشتەکانی گوت: ئەوە بۆ ناخۆن؟! جا کەبینی ناخۆن، لە دڵی خۆیدا لێیان ترسا، ئەوانیش گوتیان: مەترسە! ئێمە نێرراوانی خواین.

ئەمە و چەندەها ئایەتی دیکەش، بەڵگەی ئەم ترسە سروشتییەن، ئەم سێ ئایەتەش تەواون بۆ ئەم بابەتە، ئەو کەسەی بیەوێ بەڵگەی زیاتری لە ئایەتەکان دەست بکەوێ، با بگەڕێتەوە بۆ: (قورئانی پیرۆز و المعجم المفهرس لالفاظ القرآن الكريم).

٢- هاوبەش پەیداکردنی خوا لە پشت بەستن دا:

پشت بەستن (توکل) واتە: گەڕاندنەوەی هەمو کاروبارێک بۆ خوا و پشت بەستن بەو، بۆ بەدەستهێنانی ئەو مەرامەی کە دەتەوێ.

خـوای مـەزن دەفـەرموێ: ﴿وَتَوَكَّلْ عَلَى ٱلْحَيِّ ٱلَّذِي لَا يَمُوتُ ﴿٥٨﴾﴾ (الفرقان: ٥٨).

واتە: پشت بەو خوایـە ببەسـتە، کـە هەمیشـە زینـدوە و نامرێ.

جا هاوبەش پەیداکردن بۆ خوا لە پشـت بەسـتندا ئەوەیـە، کە جگە لە خوا، پشت بـە یـەکێك ببەسـتیت، یـان بەشـتێك ببەستیت بۆ کارێك، کە ئەو کارەش، تەنها بە خـوا دەکـرێ و ئەنجام دەدرێ، یـان باوەڕت وابێ و قەناعەتت وابێ، کە ئـەو کەسـەی، یـان ئـەو شـتەی پشـتی پـێ دەبەسـتی، وەك خـوا دەتوانێ ڕزق و ڕۆزی بە خەڵك بدات و ڕزق و ڕۆزی لـە خـەڵك ببڕێ.

لێرەدا پێش ئەوەی کۆتایی بە هاوبەش پەیداکردنی گـەورە بۆ خوا بێنین، پێویستە مسوڵمانان بە گشتی بزانن، کە هەندێ وتە و قسە هەیە، کە خەڵك دەیڵێن و نـەزانراوە و شـارەوەیە،

Scanned by CamScanner

کەچی ئەو وتەوقسەیە، شیرك وهاوبەش پەیداکردنـە بـۆ خـوا، کە مەترسییەکی عەقیدەیی هەیە، کە دەبێ مسوڵمانان خۆیان لێ بەدور بخەن و نزیکی نەکەون.

لە وتە و قسانەی، کە شیرك و هاوبەش پەیدا کردنن بۆ خوا، بریتین لە:

گەر فلانە پزیشك نەبوایە، ئەوا نەخۆشەکە چاك نـەدەبۆوە، گەر ئەو دەرمانە نەبوایە، نەخۆشەکە چاك نەدەبۆوە، گـەر بـە ماندوبون و هەوڵ و کۆششی خۆم نەبوایە، سەرنەدەکەوتم، گەر فلانە کەس نەچویا ئەو شوێنە، بە ڕودانی ئۆتۆمبیل نەدەمرد، گەر ئەوەی نەکردبا، ئاوای لێ نەدەهات[1].

(١) سلسلة رسالة التوحيد- مكتبة الغرباء.

Scanned by CamScanner

٢- شیرك و هاوبەش پەیداكردنی گچكە:

جۆری دووەم لە جۆرەكانی شیرك و هاوبەش پەیداكردن بۆ خوا، هاوبەش پەیداكردنی گچكەیە، ئەو كەسەی ئەم شیركە ئەنجام دەدات و ئەم شیركەی لێ دێتەدی، ئەوا لە دین و شەریعەتی ئیسلام ناچێتە دەرەوە و، بە هەمیشەیی لە ئاگری دۆزەخ نامێنێتەوە. بەڵام ڕێ خۆشكەرە بۆ گەیشتن بە شیركی گەورە[1].

هەروەها ئەم شیركە، لە خوار شیركی گەورەیە و هاوتای كوفری گچكەیە، كە بە ڕەهایی و بە تەواوی ئیمانی لێ دوور ناخرێتەوە و، لە قیامەتدا، بۆ ویستی خوا بەجێ دەهێلرێ، گەر ویستی عەزابی دەدات و لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەكات، گەر بشیەوێ لێی دەبورێ، گەر عەزابیش بدرێ، ئەوا لەو

---

(١) رسالة التوحيد:- مكتبة الغرباء.

کەسانە دەبێ، کە بە ئیزنی خوا شەفاعەتی بۆ بکرێ[1].

نمونەی شیرکی بچوك، بریتییە لە:

أ- ڕیایی و ڕوپامابییەکی کەم، بەڵگەش ئەوەیە، کە ئیمامی ئەحمەد و کەسانی دیکەش گێڕاویەتیانەوە، لە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ، کە فەرمویەتی: (إنَ أخوَفُ ما أخاف عليكُمْ، الشركَ الأصغرْ) قالو: وما الشركُ الأصغر يا رسول الله، قال: (الرّياء، يقول الله تعالى يوم القيامة اذا جازى الناس باعمالهم: اذهبوا الى الذين كنتم تراؤون في الدنيا، فانظروا اهل تجدون عندهم جزاء).رواه احمد (٤٢٨/٥) الترغيب والترهيب (٤٨/١)، والهيثمي في المجمع (١٠٢/١)[2].

واتە: ئەوەی، کە من زۆر لێتان دەترسم توشی ببن،

(١) قواعد في التكفير - عبدالمنعم مصطفى حليمة- الطبعة الاولى ١٩٩٤- دار البشير، عمان – الاردن ص١٨.

(٢) اصول الايمان في ضوء الكتاب والسنة - نخبة من العلماء - ص٥٠.

Scanned by CamScanner

هاوبەش پەیداکردنی گچکەیە!

گوتیان: ئەی پێغەمبەری خوا! شیرکی گچکە چییە؟

پێغەمبەر فەرمووی: شیرکی گچکە: ڕیا و ڕووپامایییە، لە ڕۆژی قیامەت کاتێ خوا پاداشتی خەڵکی بە کردەوەکانیان دەداتەوە، دەفەرمووێ: بڕۆنە لای ئەو کەسانەی، کە لە دنیا ڕیایتان بۆ دەکردن، تەماشا بکەن ئایا هیچ پاداشتیان لەلا دەبیننەوە؟!

هەروا نموونەی شیرکی بچوك، بریتییە لەوەی، کە لە پێش چاوی خەڵك نوێژی بە جوانی بکرێ و بەتەنیاش بەو شێوەیە نوێژ بە جوانی نەکرێ، وەك پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرمویەتی: (يا أيُها النّاس! إياكم وشرك السَرائِر) قَالُو: يا رسولَ الله! وما شرك السرائر؟ قال: يقوم الرجل فَيُصَلّي فَيُزَيِّنُ صلاتَهُ جاهداً لما يرى من نظر النّاس اليه، فذلك شرك السرائر). رواه ابن خزيمة في صحيح[1].

---

(١) قواعد في التكفير - ص١٨.

Scanned by CamScanner

واتە: ئەی خەڵکینە! نەکەن هاوبەش بۆ خوا پەیدا بکەن بە نهێنی، گوتیان: ئەی پێغەمبەری خوا! هاوبەش پەیداکردنی خوا بە نهێنی چییە؟

پێغەمبەر فەرموی: ئەم هاوبەش پەیداکردنە ئەوەیە، کە یەکێك نوێژ دەکات هەوڵ دەدات لە پێش چاوی خەڵك بە جوانی بیکات.

ڕیایی و ڕوپایی، سێ جۆری هەیە، کە بریتین لە:

١- ئەو کەسەی کارێك دەکات، نیاز و مەبەستی پێ ئەوەیە، کە لە دنیا پاداشتەکەی وەربگرێ و داوای پاداشتی قیامەت نەکات.

٢- ئەو کارەی دەیکات، مەبەستی پێ ڕازیبونی خەڵکە و، بۆ خوا نییە و چاوەڕوانی پاداشت وەرگرتنەوە نییە و بۆ خۆ دورخستنەوە لە سزای خوا نییە.

٣- کە کردەوەیەك دەکات، مەبەستی پێ ناو و شۆرەت و

Scanned by CamScanner

دەستکەوتنی ماڵ و سامانە، حەج کردنی بۆ بازرگانی بێت، جیهاد کردنی بۆ غەنیمە بێ، یان فێربوونی زانستی بۆ خۆدەرخستن و پلە وپایە بێت!

ب- وێنەیەکی تر لە شیرکی بچوك، بریتییە لەگوتنی: ئەوەی خوا بیەوێ و تۆش بتەوێ[1]، پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) فەرمویەتی: (لا تقولوا ما شاء الله شاءَ فلان، ولكن قولوا ما شاءَ اللّهُ ثم شاء فلان). رواه ابو داود في السنن، واحمد (٣٩٩/٥).

واتە: مەڵێن: ئەوەی خوا بیەوێ و ئەوەیش فڵانەکەس دەیەوێ، بەڵکو بڵێن: ئەوەی خوا بیەوێ، ئینجا فڵانە کەس بیەوێ.

هەر لەمبارەوە، نابێ بگوترێ: سوپاس بۆ خواو بۆ فلان، بەڵکو دەبێ بگوترێ: سوپاس بۆ خوا، پاشان سوپاس بۆ فلان.

---

(١) رسالة التوحيد.

Scanned by CamScanner

هەروا نابێ بگوترێ: داوا لە خواو فلاَن دەکەم ، بەڵکو
دەبێ بگوترێ: داوا لە خوا دەکەم،پاشان لەفلاَن،یان
بەپشتیوانی خواو فلاَن،دەبێ بگوترێ: بەپشتیوانی خوا،پاشان
بەپشتیوانی فلاَن!

ج- سێیەم نمونە لە شیرکی گچکەی شاراوە، بریتییە لە
گوتنی: گەر خوا و فلاَنە کەس نەبوایە، یان گوتنی: گەر
مراویەکە نەبوایە، ئەو دزە دەهاتە سەرمان)، گەر ئەم
سەگە نەبوایە، دوێنێ دز دەهاتە سەرمان، گەر فلاَنەکەس
نەبوایە، ئەو کارەم بۆ نەدەکرا.

ئیبن ئەبی حاتەم گێڕاویەتیەوە، ئیبن عەبباس (ڕەزای خوای
لێ بێ) لە مانای فەرمایشتی خوای بەرز و مەزن: ﴿فَلَا
تَجْعَلُوا لِلَّهِ أَندَادًا وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿٢٢﴾﴾ (البقرە: ٢٢).

واتە: هاوبەشی بۆ خوا پەیدا مەکەن لە پەرستنیدا، خۆ
ئێوە دەزانن، تەنها خوا دروستکەرەورزق وڕۆزی دەرە و

شایستەی پەرستنە).گوتویەتی: (الانداد هو الشرك اخفى من دبيب النمل على صفاة سوداء في ظلمةِ الليل، وهو ان تقول: والله وحياتك يا فلانة وحياتي، وتقول: لولا كليبة هذا لأتانا اللصوص، ولولا البط في الدار لأتى اللصوص، وقول الرجل لأصحابه: ما شاء الله وشئت و قوله الرجل: لو لا الله وفلان، لاتجعل فيها فلاناً هذا الله به شرك) تفسير ابن ابي حاتم (٦٢/١).

واتــە: (انــداد) ئــەوە هاوبــەش پەیداکردنە،کــە شــیرك و هاوبەش پەیداکردن، شاراوەترە لە جێ پێـی مێرولـە لەسـەر بـەردێکی ڕەش لـە تـاریکی شـەودا، هاوبـەش پەیـداکردن و شیرکی شاراوەش ئەوەیە کەبڵێ: بە خوا و بە ژیـانی تـۆ ئـەی فلانەکەس و بە ژیانی خـۆم، هـەروا بڵێـی: گـەر ئـەم سـەگە نەبوایە، دز دەهاتە سەرمان، گەر مراویەکە لە مـاڵ نـەبا، دز دەهاتە سەرمان، هەروەها یەکێك بە هاوڕێییەکەی بڵێ: ئەوەی خوا بیەوێ و تۆش بتەوێ، هـەروا یـەکێك بڵـێ: گـەر خـوا و فلانەکەس نەبوایە. ئا لەو حاڵەتەداو لەو قسـانە، فلانەکەسی لەگـەڵ مەخـە، چـونکە ئەمانـە هـەموی شـیرك و هاوبـەش

Scanned by CamScanner

پەیداکردنن بۆ خوا[1]!

چۆن خۆت لە شیرکی بچوکی شاراوە دەپارێزیت؟

ئەم فەرمودەیەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بۆمان ڕون دەکاتەوە، کە چۆن خۆمان بپارێزین، وەك دەفەرموێ: (يا أيها النّاس اتقوُا هذا الشرك فإنهُ اخفى من دبيب النمل، فقيل لهُ: وكيفَ نَتَّقيه وَهُوَ أَخفى من دبيب النَّمل يا رسول الله؟ قال قولوا: اللّهُمَ إنا نَعُوذُ بكَ أَنْ نُشْرَكَ بِكَ شيئاً نَعْلَمُهُ، وَنَسْتَغفِرُكَ لِمَا لانَعْلَمُه).

رواه احمد (٤٠٣/٤) و(الطبراني)[2].

واتە: ئەی خەڵکینە! خۆتان لەم شیرکە بپارێزن، چونکە ئەم شیرکە، لە شوێن پێی مێـــرولە شـاراوەترە، بـە پێغەمبـەر گـوترا: ئـەی پێغەمبـەری خـوا! چـۆن خۆمـان لـەو شـیرکە

---

[1] اصول الايمان في ضوء الكتاب والسنة – نخبة من العلماء- ص٥٠.

[2] رسالة التوحيد- مكتبة الغرباء، قواعد في التكفير -عبدالمنعم مصطفى حليمة- ص١٨.

Scanned by CamScanner

بپارێزین، لە کاتێکدا لە شوێن پێی مێرولە شاراوەترە؟!

پێغەمبەر فەرمووی: بەوە خۆتان بپارێزن، کە بڵێین: خوایە! ئێمەخۆمان بە تۆ دەپارێزین لە شتێ، کە شیرکت بۆدادەنێین و دەیزانینو، داوای لێخۆشبونت لێدەکەین لەو شیرکەی، کە نایزانین ،کە ئەمە شیرکە.

دیارە شیرك و هاوبەش پەیداکردنی گچکە، بە دوو شێوە و جۆر ئەنجام دەدرێ:

یەکەم: بەشێوەی قسە و گوفتار.

دووەم: بەشێوەی کردەوە.

یەکەم-شیرك و هاوبەش پەیداکردنی گچکە بە قسە و گوفتار:

ئەم شیرکە بە زمان ئەنجام دەدرێ، وەك: سوێند خواردن بە غەیری خوا، سوێند خواردن بە پێغەمبەران وئەولیاو شێخ و خاك و نیشتمان و شەهیدان و بە باوك و بە خۆشەویست و

Scanned by CamScanner

...هتد!

پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرمویەتی: (كُلّ يمينٍ يحلِفُ بها دون اللهِ شركٌ). السلسلة الصحيحة (٢٠٤٢).

واتە: هەمو سوێندێك، كە لەجیاتی خوا سوێندی پێ بخورێ، ئەوە هاوبەش پەیداكردنە بۆ خوا، هەروەها دەفەرموێ: (مَنْ حَلَفَ بغير الله فقد كفَر او أشرك). رواه الترمذي وقال حديث حسن، قال الشيخ ناصر الالباني بل هو صحيح، السلسة الصحيحة (٢٠٤٢).

واتە: هەر كەسێ بە غەیری خوا سوێندی خوارد، ئەوا بێ بڕوا بوە، یان هاوبەشی بۆ خوا پەیدا كردوە، لێرەدا مەبەست لە شیرك، شیركی بچوكە[1].

كەواتە: نابێ سوێند بخورێ، نە بە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)، نە بە سەرۆك، نە بەوەزیر، هەروەها جائیز نییە سوێند بە (كەعبە) بخورێ، نابێ بە (جوبرائیل و میكائیل)

---

[1] عقيدة المؤمن - ابو بكر الجزائري، ص٨٨.

Scanned by CamScanner

سوێند بخورێ، چونکه ئەو سوێند خواردنە، هاوبەش پەیداکردنە بۆ خوا، بەڵام شیرکی گچکەیە و لە دین دەرناچێ[1].

عبدالله ی کوڕی عومەر (ڕەزای خوایان لێ بێ) گوتویەتی: پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) بە عومەری کوڕی خەتتاب گەیشت، کە دەڕۆیی و سوێندی بە باوکی دەخوارد، پێغەمبەر فەرموی: (أَلاَ إِنَّ اللهَ يَنْهَاكُمْ أَنْ تَحْلِفُوا بِآبائِكُمْ، مَنْ كانَ حالِفاً فَلْيَحْلِفْ بِاللهِ أَوْ لِيَصْمُتْ). متفق عليه، أخرجه البخاري برقم (٦٦٤٦، ٦٦٧) ومسلم برقم(١٦٤٦).

واتە: هۆشیار بن و بزانن! خوا قەدەغەتان دەکات، کە سوێند بە باب و باپیرانتان بخۆن، هەر کەسێ سوێند دەخوات، با سوێند بە خوا بخوات، یان با بێ دەنگ بێت!

هەروەها ئیبن عومەر گوتویەتی: پێغەمبەری (صلی الله

---

(١) فتاوى العقيدة لفضيلة – الشيخ محمد بن صالح العثيمين- تحقيق صلاح الدين محمود السعيد، ص٩٣، دار الغد الجديد.

علیه وسلم) فەرمویەیت: (مَنْ كانَ حالفاً فلا یحلف إلا بالله).

متفق علیه.

واتە: هەركەسێ سوێند دەخوات، تەنها سوێند بە خوا بخوات.

ئیبن عومەر (ڕەزای خوایان لێ بێ) گوێی لێبوو، پیاوێك دەیگوت:

(لا والكعبة) نا، سوێند بە كەعبە، ئیبن عومەر گوتی: لا تحلف بغیر الله، فاني سمعت رسول الله (صلى الله علیه وسلم) یقول: (من حلفَ بغیر الله فقدْ كَفَر) أو (أشركَ). صحیح اخرجه ابو داود برقم (٣٢٥١)، والترمذي برقم (١٥٣٥) واحمد برقم (٦٠٧٢) وصحیح الالباني في السنن.

واتە: جگە لە خوا، سوێند بە كەسی دیكە مەخۆ، من گوێم لە پێغەمبەری خوا بو، دەیفەرمو: (هەر كەسێ سوێند بە غەیری خوا بخوات، ئەوا كوفری كردوە، یان هاوبەشی بۆ

Scanned by CamScanner

خوا پەیدا کردوە(١).

هەروەها هاویەش پەیداکردنی خوا بە زمان ئەوەیە، کە بگوترێ:

گەر خوا و تۆ حەز بکەن، بەپشتیوانی خوا و فلانە کەس، کە ڕاستییەکەی ئەوەیە دەبێ بگوترێ: گەر خوا حەز بکات، پاشان تۆ حەز بکەیت، یان بە پشتیوانی خوا، پاشان بە پشتیوانی فلانە کەس، هەروەها گوتنی: (قاضي القضاة)، یان عبدالمحسن و عبدالعباس، ئەوانە هەموی شیرك پەیداکردنە بۆ خوا، چونکە ئەمانە دەبێتە هۆی بە گەورە گرتنی غەیری خوا[٢]!

---

(١) معارج القبول بشرح مسلم الوصول الى علم الاصول في التوحيد-للامام حافظ بن احمد الحكمي- دار ابن الجوزي، ص٣١٨، الطبعة مخرجة الاحاديث على كتب الشيخ محمد ناصر الدين الالباني، الطبعة الاولى-٢٠١١.

(٢) رسالة التوحيد - مكتبة الغرباء.

Scanned by CamScanner

ئەمانەی باسکران، ئەنجامدانی شیرکی بچوك بو بە زمان و قسە، ئێستاش دێینە سەر باسی شیرکی بچوك بە کردەوە.

دووەم- شیرك و هاوبەش بۆ خوا پەیدا کردنی بچوك بە کردەوە:

هاوبەش بۆ خوا پەیدا کردنی بچوك بە کردەوە ئەوەیە، کە بتەوێ کارو کردەوەیەك ئەنجام بدەیت، بەڵام لەبەر ئەوەی شتێکت دیتوە، یان گوێت لە دەنگی بوە، تۆ لە ترسی ئەوەی بەهۆی دیتنی ئەو شتە، یان بەهۆی بیستنی ئەو دەنگە، نەبادا ڕووداوێکت توش بێت ئەو کارە ناکەیت، ئەمەش لە ناو خەڵك دا زۆر باوە، کە لە ڕێگادا بەتایبەتی بەشەو توشی گیانلەبەرێك بێت، دەڵێ: توشی نەگبەتی دەبم، یان توشی زیانێك دەبم، یان دەڵێن: کوندەپەپۆ بە شوم و ماڵ و یرانکەرە، یان دەڵێ: ئەو ڕۆژە ناچمە سەفەر، چونکە ئەو ڕۆژە خراپە و

Scanned by CamScanner

باش نییە، یان ڕۆژی سێشەمە سەرم ناتاشم خراپە، یان ئەو جۆرە خواردنەمان لێ ناکەوێ، ئەمانە لە ئیسلام هیچ نرخ و کێشێکی نییە و، نابنە هۆی زیان گەیاندن و ناشتوان زیان و زەرەرت پێ بگەیەنن، گەر خوا نەینوسیبێ، کە زیان بەو کەسە بگات، ئەمانە مرۆڤ توشی شیرکی بچوکی بەکردەوە دەکات.

Scanned by CamScanner

هەندێك دیاردەی شیرك و هاوبەش بۆ خوا پەیدا کردن:

هەندیَ کردەوەی هاوبەش پەیداکردن بۆ خوا هەیە، کە بە باشمانزانی ڕونی بکەینەوە و بـە دەری بخـەین، تـا لای هەمو خەڵك ئاشکرا بیێت، ئـەم کردەوانـە لـەناو خـەڵك بـە گشتی بـەربڵاو و بـاوە، کـە زۆربـەیان نـایزانن و نـازانریَ، ئـەویش ئەمانەن:

١- هەواڵدان بە چارەنوسی مرۆڤـ (الكهانة):

ئەمە بریتییە لە: فیێڵ و تەڵەکەبازی، کە بە درۆ و دەلەسە هەواڵی درۆ بە چـارەنوس و دوارِۆژی خـەڵك دەداتو، دەڵـێ: مـن غـەیب دەزانم، دەزانم تـۆ چـیت بەسـەردیَ، تـۆ بـەختت سپییە، یان ڕەشە، تۆ چاکەت دیێتەڕیَ، یان خراپەت دیێـتەڕیَ، تۆ لەم هەفتەیە دڵخۆش دەبی، یـان دڵ نـاخۆش،(هـەروا کەلو(برج)ەکانیش ئەم هەواڵانە دەدەن) و چەندەها شتی تریش کە ئەمانە غەیبن و، تەنها خوا بە غەیب دەزانیَ،کەس دیکە

Scanned by CamScanner

نایزانیّ.

پێغەمبەر (صلى الله علیە وسلم) فەرمویەتی: (مَنْ أَتَىَ كاهناً فَصَدقَه بِمَا يَقُولُ فَقَدْ كَفَرَ بِما أُنـزِلَ عَلى مُحمد (صلى الله عليه وسلم). رواه ابو داود عن ابي هريرة(صحيح).

واتە: هەر کەسێ بچێتە لای فاڵچییەك، قاوە گرەوەیەك‌و، بڕوا بە قسەکەی بکات، ئەوا بڕوای بەو قورئانەنییە، کە بۆ محمد (صلى الله عليه وسلم) دابەزیوە)[1].

٢- ئەستێرەگەریی (التنجيم):

ئەستێرەگەریی ئەوەیە، کە گوایە: ئەستێرە پەیوەندی هەیە و هۆکارە بۆ ڕودانی ڕوداو، بە واتای: فلانە ئەستێرە، ئەگەر ئەو جۆرە شتەی لێ ڕوبدات و ئاوای لێ بێ، یان گەر مانگ بگیرێ، ئەوا فلانە کەس دەمرێ، یان دەبێتە هۆی مردنی، یان نەخۆش بونی، جا هەر کەسێك بیروباوەڕی وابێت،

(١) كتاب التوحيد الذي هو حق الله على العبيد- محمد بن =عبدالوهاب ص٥٧.

که ئەستێرە کاریگەری هەیە بۆ سەر خودی خۆی، ئەوا ئەو کەسە هاوبەشی گەورەی بۆ خوا ئەنجامداوە و لە دینی ئیسلام دەردەچێت.

دیارە حیکمەتی دروستکردنی ئەستێرەکان، بریتییە لە: جوانیی و ڕازاوەیی بۆ ئاسمانی دنیا و نیشانەیە بۆ ڕێگە پیشان دان، هەروەها ئەم ئەستێرانە، شەیتانەکان لە ئاسمان دەردەکەن، وەك خوای بەرز و مەزن دەفەرموێ: ﴿إِنَّا زَيَّنَّا ٱلسَّمَآءَ ٱلدُّنۡيَا بِزِينَةٍ ٱلۡكَوَاكِبِ ۝٦ وَحِفۡظٗا مِّن كُلِّ شَيۡطَٰنٖ مَّارِدٖ ۝٧﴾ (الصافات: (٦–٧).

واتە: ئێمە ئاسمانی دنیامان بە ئەستێرەکان جوان و ڕازاوە کردوە و، بەهۆی ئەستێرەکانەوە، ئاسمانمان لە هەمو شەیتانێکی یاخی و دەرکراو پاراستوە.

٢- نوشتە کردن و هەڵواسینی مور و قاڵبی شین.

یەکێك لە دیاردەکانی شیرك، بریتییە لە: نوشتە هەڵواسین

Scanned by CamScanner

بە نیازی ئەوەی، کە ئەم نوشتەیە سـود دەبەخشـێ و زیـان و زەرەر لادەبات!

هەروەها پەڕۆی سەوز لە دەست کـردن بەمەبەسـتی چـاك بونەوە لە نەخۆشی و شیفا و موتفەرك و، هەڵواسینی مورو و قـــالبی شـــین بەســـەر دیـــواری خانوەکان،یـــان قوتابخانە،کەبەداخەوە،ئـەو نەزانییـە پەڕییـە شـوێنی زانسـت فێربوون، بـەمەبـەستی چـاو و زار و، تـوش نـەبون بـەزیان و زەرەور و نەخۆشی و بەڵاگیریی، یـان هەڵواسـینی ملوانەکـەی شین، بە ئاژەڵ و لە دەسـتکردنی بـازن، بەمەبەسـتی لابردنـی بەڵا و نەخۆشی!

جا ئـەمانەی، باسکران، هەمویان، شیرك و هاوبەش پەیـدا کردنن بۆ خـوا، وەك لـە فـەرمودەی پێغەمبـەردا (صلی الله علیه وسلم) هاتوە.

(عن ابن مسعود (رضي الله عنه) قـال: سمعت رسول الله (صلى الله عليه وسلم) يقول: (إِن الرقَىَ والـتمائِمَ وَالتُوَلَـةُ شِرِكُ). رواه احمد

Scanned by CamScanner

وابو داود.

واتە: لە ئیبن مەسعودەوە، کە گوتویەتی: گوێم لە پێغەمبەری خوا بو (صلى الله عليه وسلم) دەیفەرموو: (نوشتە و دوعا و ئەو شتەی بە منداڵان هەڵدەواسرێ بۆ چاو و زار و، ئەو شتەی دروست دەکرێ، گوایە بۆ ئەوەی ژن بۆ مێردەکەی خۆشەویست بکرێ و، پیاویش بۆ مێردەکەی خۆشەویست بکرێ، ئەوا ئەوانە شیرك و هاوبەش پەیدا کردنن بۆ خوا.

عیمرانی کوڕی حصین (ڕەزای خوای لێ بێ) گێڕاویەتیەوە، (ان النبي (صلى الله عليه وسلم) رأى رجلاً في يده حلقة من صفر، فقال: ما هذه)؟ قال: من الواهنة، فقال: (انزعها فانها لاتزيدك الاّ وهناً، فانك لَوْمِت وهي عليك، ما أَفْلَحْتَ أبداً. راه أحمد بسند لابأس به.

واتە: پێغەمبەر پیاوێکی بینی بازنێکی مسی لە دەست کردوە، پێغەمبەر فەرموی: ئەوە چیە؟

کابرا گوتی: ئەوە بۆ لەڕولاوازییە.

Scanned by CamScanner

پێغەمبەر فەرموی: بازنەکە داکەنە، چونکە زیاتر لاوازترت دەکات، گەر لەسەر ئەو حاڵەتە بمری، کە ئەو بازنەت لەدەستە، هەرگیز سەرکەوتو نابی)[1].

ڕون و ئاشکرایە و بەڵگەنەویستە، کە هەمو شتێك لە: سود و قازانج و زیان و زەرەر، تەنها بە دەستی خوای پەروەردگارە و، هیچ کەس و شتێك بەبێ خوا، ناتوانێ هیچ شتێ بکات، خۆی بە توانا و دەسەڵاتە و زاڵە بەسەر هەمو شتێك.

کەواتە: هەر کەسێك قەناعەتی وابێت، کە پەڕۆی سەوز لە دەستکردن و نوشتە و هەڵواسینی موروی شین و قاڵبی شین بۆ چاو و زار و سود وقازانج و لابردنی بەڵا و نەخۆشی و زیان و زەرەر لادەدات، ئەوا ئەو کەسە شیرکێکی گەورەی

(١) کتاب التوحيد الذي هو حق الله على العبيد- محمد عبدالوهاب- ص٢٢.

Scanned by CamScanner

ئەنجامـــداوە، خـــوای گـــەورەش دەفـــەرموێ: ﴿لَئِنْ أَشْرَكْتَ لَيَحْبَطَنَّ عَمَلُكَ وَلَتَكُونَنَّ مِنَ ٱلْخَٰسِرِينَ ۝٦٥﴾ (سـورة الزمـر: ٦٥).

(واتـــە: ئەگـــەر هاوبـــەش بـــۆ خـــوا پەیـــدا بکـــەی، ئـــەوا کردەوەکەت پوچەڵ دەبێتەوە و، دیـــن و قیامـــەتت دەدۆڕێـــنی، چونکە لەگەڵ شیرك دا کردەوەی چاك وەرناگیرێ) [1].

هەروەها دەفـــەرموێ: ﴿إِنَّهُۥ مَن يُشْرِكْ بِٱللَّهِ فَقَدْ حَرَّمَ ٱللَّهُ عَلَيْهِ ٱلْجَنَّةَ﴾ (سورة المائدە: ٧٢).

واتە: هەرکەسێ هاوبەش بۆ خوا پەیدا بکـات، ئـەوا خـوا بەهەشتی لێ قەدەغە و حەڕام کردووە.

جا ئەم دوو ئایەتە بەسـە، کـە مرۆڤـ خـۆی لـەو شـتانە دووربخاتەوە، کە دەبنە هۆی شیرك پەیداکردن بۆ خوا وەك: نزا و

---

(١) التفسير الميسر- نخبة من العلماء- ص. ٤٦٥

Scanned by CamScanner

پاڕانەوە لە غەیری خوا، داواکردن لە قەبری پیاوچاکان، نەزر کردن بۆ غەیر خوا، قوربانی سەربڕین بۆ غەیری خوا و قوربانی سەربڕین لەلای مەرقەد و گۆڕی پیاوچاکان و، سوڕانەوە بە دەوری مەرقەد و گۆڕی پیاوچاکان و پێغەمبەران و سەرۆك و دەسەڵاتداران و، هەڵواسینی نوشتە و ملوانکەی شین و قاڵبی شین بۆ چاو و زار و بەڵا و موسیبەت، هەروەها هەواڵدان بە هۆی ئەستێرەکان، کە پێی دەڵێن: کەلوەکان ...هتد.

*****

Scanned by CamScanner

ناوەرۆك

هاوبەش پەیداکردن بۆ خوا چییە؟.................... ٧
کەی هاوبەش پەیداکردن بۆ خوا پەیدا بوو؟.............١٢
جۆرەکانی هاوبەش پەیدا کردن بۆ خوا ١٧
١- هاوبەش پەیداکردن (شیرك)ی گەورە:..................١٧
١- هاوبەش پەیداکردن بۆ خوا لە دوعا و نزا و پاڕانەوەدا :
١٩..
٢- هاوبەش پەیداکردن بۆ خوا لە نیەت و ویست و
٢٤..
مەبەستدا:...........
٣- هاوبەش پەیداکردن بۆ خوا لە گوێڕایەڵی و بەقسەکردن و
٢٦..
بەرفەرمانیدا............
٤-هاوبەش پەیداکردن بۆ خوا لە خۆشەویستن دا:..........٢٩
٥- هاوبەشی پەیدا کردن بۆخوا لە بەڕێوەبردنی بونەوەردا: ٣١
٦- هاوبەش پەیداکردن بۆ خوا لەترس (خوف)دا ٣٢

Scanned by CamScanner

٧- هاوبەش پەیداکردنی خوا لە پشت بەستن دا: ٣٥
٢- هاوبەش پەیداکردنی گچکە: ٣٨
چۆن خۆت لە شیرکی بچوکی شاراوە دەپارێزیت؟ ٤٥
یەکەم-هاوبەش پەیداکردنی گچکە بە قسە و گوفتار: ٤٦
دووەم-هاوبەش بۆ خوا پەیدا کردنی بچوك بە شێوەی کردەوە:
....٥١
هەندێك دیاردەی شیرك و هاوبەش بۆ خوا پەیدا کردن ٥٣
١- هەوڵدان بە چارەنوسی مرۆڤ (الکهانە): ٥٣
٢- ئەستێرەگەریی (التنجیم): ٥٤
٣- نوشتە کردن و هەڵواسینی مور و قاڵبی شین. ٥٥

Scanned by CamScanner

شیرك و هاوبەش پەیداكردن بۆ خوا، ئەوەیە، كە یەكێك پێغەمبەرێك، یان وەلییەك، یان پاشایەك و سەرۆكێك، یان كوڕێك، یان جنۆكەیەك، یان درەختێك، یان بەردێك، یان ئاژەڵێك، یان ئاگرێك، یان خۆر، یان مانگ، یان ئەستێرەیەك، یان شتێكی دیكە دەكاتە هاوبەشی خوا وەك خوا بەیەكسانی تەماشا دەكات و، وەك خۆشەویستنی خوا، خۆشی دەوێ و، وەك ترسانی خوا، لێی دەترسێ‌و بەبێ ڕەزامەندی خوا شوێنی دەكەوێ‌و، لە هەمو شتەكان بەگوێی دەكات ، ئەگەرچی ئەو شتەش گوناهو تاوان بێ و سەرپێچی خواش بێت، هەروا لە پەرستنی خوادا، ئەو كەسە، یان ئەو شتە دەكاتە هاوبەش، بە واتای: ئەویش دەپەرستێ.

نوسینگەی تەفسیر
بۆ بڵاوكردنەوەو ڕاگەیاندن
هەولێر - بەرامبەر دادگا - ژێر هوتێلی شیرین پالاس
+964 750 818 08 66
www.al-tafseer.com
tafseeroffice@yahoo.com
/TafseerOffice
نرخی 1000 دینار
9 789933 593346

Scanned by CamScanner